# عەرەبی بوونی عێراق دەپارێزین!

**عبدالله مەحمود**

ئەم عنوانەی سەرەوە پەیامی علی سیستانی یە کەلەپەیوەند بەگەمەی هەڵبژاردنەکانەوە لەنامەیەکیدا بۆ عەمرو موسای سکرتێری جامعەی وولاتانی عەرەبی ناردووە.
سیستانی بەم پەیامەی دەیەوێ ناسیونالیزمی عەرەبی سونە لەوەدڵنیابکاتەوە کە سەرباری ئەوەی خوازیاری دەسەڵاتێکی ئیسلامی لەچەشنی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێرانن، هاوکات خوازیاری عیراقێکی قەومی عەرەبیشن، واتە داسەپاندنی حوکمێکی قەومی ئیسلامی بەسەر خەڵکی عیراقدا، ئەوەش کە بۆ ئەمە بۆ جامعەی عەرەبی ڕادەگەیەنێ دەزانێت سمبولی ناسیونالیزمی شکست خواردوی عەرەبی سونە ئەم جامعەیەیە، و دەیەوەێ لەورێگایەوە پەیامی خۆی لە گەمەی هەڵبژاردنەکاندا بە ناسیونالیزمی سوننەی عەرەب لە عێراقو بە ئەمریکای سەروەریان رابگەیەنێت کەنوێنەرایەتی هەمان ناسنامەی عەرەبی بوونی بەعسیش بەدەستەوەدەگرێت و ناهێڵێ وەجاخی ناسیونالیزمی عەرەبی بەعسی لە دەسەلاتی داهاتودا کوێربێتەوە.
ئەم پەیامەی سیستانی و پەیامی یاوەرو عەلاویشە، کە تائێستا لەدەیان بۆنەدا ڕایان گەیاندووە.
پەیامی سەرانی هێزە ئیسلامی و قەومیەکانی عیراق، بەڕۆشنی دامەزراندنەوەی عیراقیکی عەرەبی و ئیسلامیە، ناسیونالیزمی کوردیش بەو بێدەنگی و هەڵکورماویەی لەبەردەم پێپیلکانەی سەرکەوتنی بۆ ناو دەسەلاتی داهاتودا، دەیەوێ مۆر بدات لەو حوکم و دەسەلاتە قەومی و ئیسلامی یەی سبەینێ.
ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کەهەموو بەرەی بۆرژوازی عیراقی بە عەرەب و کورد، ئیسلامیەکەیەوە، سەرباری هەرکێشمەکێشێکیان لەسەر بەشی زیاتر، لەسەر ئەوە کۆکن کە عێراقێکی قەومی و ئیسلامی بنیات بنێنەوە.
پەیامی ئەم بەرە کۆنەپەرستە، پەیامی مۆردانی قەومی و ئیسلامیە لە ناوچەوانی دانیشتوانی خەڵکی عیراق، ئەو خەڵکەی دوێنی لە سەربنەمای ناسنامەی قەومیەتی عەرەبی، بەدەستی بەعس قەتل و عام دەکران و پەت ئەکرا بەملیادا، گۆری بەکۆمەڵیان لێدروست دەکرا، ئەنفال و ژەهرباران دەکران، وادیسان فاشستە قەومی و دینیەکان لەدەروازەی دەسەلاتەوە بۆ بەش بەش کردنی خەڵکی عیراق لەسەر بنەمای قەومی ودینی وەستاون.
ئەگەر بەعس بە ناسنامەی قەومیەتی عەرەبیەوە کێوێك مەرگەساتی خوڵقاند لە مێژووی دەسەڵاتدارتی خۆیدا، دەبێ ئەم هێزو جەنابانەی ئێستا بە ناسنامەی ئیسلامی و قەومیەوە، چ خەرمانەیەك لە کارەسات و رۆژرەشی بە سەر خەڵکی عیراق بهێنن؟
گالتەجاری هەڵبژاردنێك کە لە عیراق وەرێخراوە، بۆ وەرگرتنی پەنجە مۆری خەڵکە بۆ مۆردان لە پەیامی دژی ئینسانی ئەم فاشستە قەومی و دینیانە. خەڵکی عێراق و کوردستان، دەبێ بێگویدانە ناسنامەی قەومی و مەزهەبیان، بایکۆتی ئەم هەڵبژاردنە بکەن و بەشداری لەهەڵبژاردنێکدا نەکەن، کە لەسەر بنەمای قەومی ودینی دەیانکەن بەگژیەکتریدا، ئامانج و پەیامی خەڵکی عیراق و کوردستان، نەك جیایە لە پەیام وئامانجی ئەم بەرە کۆنەپەرستە بەڵکو تەواو لەدژی یەکترین، سەیری پەیام و راگەیاندنەکانیان بکەن.